خولی ئیتاڵیا... ئینتەر میلان شکستی بە جەنوا هێنا



لە خولی ئیتاڵیا ئینتەر میلان بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک شکستی بە جەنوا هێنا و چووە پێشەنگی ریزبەندی.

لە یاریێکانی هەفتەی 15ی خولی ئیتاڵیا، جەنوا لە یاریگای خێدا میواندار ی ئینتەر میلانی کرد.

لە تایمی یەکەم، کورانی ئینتەر باشتر بینران و توانیشیان لە خولەکی شەش گۆڵێک لە ڕێگای بیسکۆو تەماربکەن، پاش ئۆوەش لە هەرشەکانیان بەردەوامبوون تاوەکو لە خولەکی 38 گۆڵی دووەمیشیان لە ڕێگای لاوتارۆ مارتینزەوە تەمارکرد و ئەو تایمەش بەو ئەنجامە کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەم، ئاستی هەردوولا لەیەکەوە نزیک بوو بەڵام لەگۆڵ ئۆوی تا رادەیەک ئینتەر میلان باشتر بینرا، کوڵانی جەنوا توانیان لە خولەکی 68 لەڕێگای ڤیتینیاوە جیاوازییەکە بە گۆڵێک کەمبکەنەوە، بەڵام لە هەوڵەکانیان بۆ یەکسانکردنەوەی ئەنجامەکە سەرکەوتوو نەبوون.

سەرەنجامیش، ئینتەر میلان بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک یاریەکەی بردەوە و خاڵەکانی بەرزکردەوە بە 33 خاڵ و پێشەنگی ریزبەندی گرتووە بە جیاوازی خاڵێک لە پێش میلانی دووەمەوە.